پێشەوا هەورامانی: سبەی وەزیری نەوتی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات

کۆنفرانسی
تەبێژ

وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سبەی وەزیری نەوت و تیمێکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەمڕۆ شەممە، پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەم سەردانە لە سەر رێککەوتنی هەردوو سەرۆکوەزیران بووە تاکو بێنە ئێرەو لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆسیەی نەوتی هەرێم و کێشەکانی پێکەوە چارەسەر بکەن.

پێشەوا هەورامانی ئاماژەی بەوەکردووە، بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکان کێشەی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و رێکارەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمەو بۆ ئەم پرسە دوو بۆ سێ ڕۆژ دەمێننەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی راگەیەندراوەکەی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان:-

سبەی وەزیری نەوت و تیمێکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەم سەردانە لە سەر رێککەوتنی هەردوو سەرۆکوەزیران بووە تاکو بێنە ئێرەو لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆسیەی نەوتی هەرێم و کێشەکانی پێکەوە چارەسەر بکەن.

بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکان کێشەی تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت و رێکارەکانی هەناردەکردنەوەی نەوتی

ه□ر□م□و ب□ ئ□م پرس□ دوو ب□ س□ □□ژ د□م□ن□ن□و□.

پ□ش□وا ه□ورامانی

وت□ب□ژی حکوم□تی ه□ر□م